# لەیادی 10ساڵەی هێرشە کۆنەپەرستانەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، یەکێتی گەندەڵترو ڕیسواترە

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com



10 ساڵ لەمەوبەر ودروست لە ڕۆژی 14ی تەموزی 2000دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هێرشێکی تیرۆریستانەدا بە بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان 5 کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە کەمینێکدا لە گەڕەکی "عەقاری" شاری سلێمانی گوڵلە باران کران. ئەم پەلامارە کۆنەپەرستانەی یەکێتی سەرەتایەك بوو بۆ داخستنی رادێوو بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و سەنتەری پاریزگاری لەمافەکانی منداڵانو ژنان... سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی پێشینەی خۆی هەبوو، بەلام بەکردەوە لە 14ی تەموزدا دەستی دایە عادەتی سەرکوتگەرانەی خۆی وەکو دابو نەریتو عادەتی سەرەکی خۆیو بزوتنەوەی کوردایەتی.

سیاسەتی یەکێتی وەك هێزیکی بورژوزای کوردی، پێشگرتن بوو بە فراوانبونەوەی دامێنی رادیکالیزمی کۆمەلگاو پێشکەوتنخوازیو یەکسانیخوازی. ڕیگە گرتن بوو لە فراوانبونەوەی دامێنی مافەکانی خەلکی کوردستانو بەتایبەت مافی ریفراندۆمی گشتیو ئازادو جیابونەوەی کوردستان. ڕیگرتن بوو لە ئەلتەرناتیڤو جێبەجێکردنی ماڤو یاسا پپێشکەوتنخوازەکانو مافەکانی ژنانو لاوانو کرێکاران. ڕیگرتن بوو لە ئازادی سیاسییەکانو بەتایبەت ئازادی ڕادەربڕینو ئازادی ڕەخنەو خۆپیشاندانو مانگرتنو پێکهێنانی حزبو ڕیکخراوەی جەماوەری. سیاسەتێك بوو بۆ گرتنی قوڕکی بەشی پێشڕەوی کۆمەلگا تاکو کۆمەڵگای پێ سەرکوت بکات، لەمبارەوە یەکێتی تا 5 ساڵ سەرکەوتوو بوو. ئەنجامی ئەم پەلامارو شەرفرۆرشیە، داسەپاندنی پاشەکشەو زەربەلیدانیك بوولە بزوتنەوەی چەپ و ئازادی خوازی کۆمەلگاو نارەزایەتی جەماوەری کەبەدژی بۆرژوازی کوردو دەسەلاتە میلیشیایییەکەیدا هاتبوەمەیدانەوە...

ئەوکاتو 10 ساڵ پێش لەئێستا، هەلومەرجی کوردستانو عێراقو دنیاش ڕەنگو بۆیەکی دیکەی هەبوو. ئێستا گشت هەلومەرجی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی جیهانیو عێراقی وکوردستانی گۆڕاون. ئەوکات لەسایەی مانەوەی حکومەتی بەعسدا بزوتنەوەی کوردایەتیو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەنێو خەڵکدا سەرەڕای شەری ناوخۆو کوشتنو گەندەڵی جیگاو ڕیگایەکی کۆمەلایەتی بەهیزتری هەبوو، ئەوکات مەلەفەکانیان ئاشکرا نەبوون، گەندەلیەکان وەکو پشکوی ژیر خۆلەمێش شاراوەبونو "من أين لك هذا؟! " یان دەرنەکەوتبوو بۆ کۆمەلانی خەڵك. ئەوکات یەکێتی پێویستی بە داتشینی بیانوو یاسا هەبوو بۆ سەرکوتو تەناتەت بۆ هێرشی کۆنەپەرستانەی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بیانوی درۆزنانەی " چۆلکردنی بارەگای حزبەکانی لەنیو شار" داتاشی... ئەوکات شەرعیەتی شاخو ملهوڕی شاخ هێشتا تامو بۆی یخۆی هەبوو بەهۆی مانەوەی صەدامو هەروەها نەبینیی دەسەلاتی یەکێتیو بزوتنەوەی کوردایەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وبێ کاریگەری دەسەلاتی مەکەزی لە بەغدا، بۆ خەڵکی کوردستانو نەوەی نوێ ئاشکراوو ڕۆشن نەبوو...

ئەمڕۆ ئەوە 7 سالی تەواوە صەدام نەماوە، 7 ساڵی ڕەبەقە بەرپرسانی یەکێتی ملیارەها دۆلاریان کەڵەکە کردوە، کۆمپانیای جۆراوجۆری چیمەنتۆ تەلەفۆناتو گەیاندنو نەوتو بارزگانیو .. لێدەدەن لەچینەوە تا ئەمەریکا پارەیان لە بانکەکاندا کەڵەکە بوە. لەم حەوت ساڵەدا دەیان مەلەفی کۆنەبەعسیو جاسوسی بەعس لە نیو سەرکردایەتی ئەم حزبەدا دەرکەوتوەو شاردراوەتەوەو بەتانی بەسەردا دراوە. لەم حەوت ساڵەدا هێزەکانی ئەمنو پێشمەرگە بە تفەنگی کوردایەتیو لە ژیر ئالای کوردستانو سرودی ئەی رەقیب دا، لە خەڵکی هەڵەبجەو

چەمچەمال‌و کەلارو کەرکوك‌و سلیمانی‌یان کوشتوەو تەقەیان لەخۆپیشاندەران کردوە. لەم حەوت ساڵەدا حەوت سەد جار ئاوات‌و هیوای لاوانی کوردستان بە کچو کوڕەوە خستۆتەوە گۆڕو تەقەلە خۆپیشاندەرانی لاوانی زانکۆکراوە، ئێستاش کۆڕەی لاوان بەرەو هەندەران هەروا درێژەی هەیە لەسایەی سەری دەسەلاتی کۆنەپەرست‌و گەندەڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و بزوتنەوەی کوردایەتی‌دا. لەم حەوت ساڵەدا هەزارن ژن کوژراون‌و خۆیان کوشتوە. لەم 7 ساڵەدا کەرکوك چەند جار فرۆشراوە، بە گرێبەستنی نەوتی نیوان سلیمانی‌و ئیران ... لەم 7 ساڵەدا دەیان جار خەلکی کوردستانیان بەلارێدا بردوە لە پەیوەند بەهەلبژاردن‌و دەستوری عێراق‌و ماددەی 140وە تا ئێستا نە دەستور دەستورە نەماددەی 140 هیچ کەس گوێگریەتی... لەم 7 ساڵەدا و بەرئەنجامی بێ ئاسۆیی سیاسی ئەم هیزە لەنیۆ خۆیدا بوو بە دوکوتەوە. بەمپێییە جێگاو ڕیگا یەکیتی‌و نیشتمانی کوردستان‌و سەرکردایەتیەکەی لەئاستی گشت کورستاندا لە چاو ساڵی 2000دا چەندین جار هاتۆتە خوارەوە. ئەمە راستیەکە خۆشیان نکۆلی لێناکەن.

بەلام ئەم 7 ساڵە، ئەو واقعیەتانەی بە رۆشنی نیشان دا کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکو هێزێکی چینایەتی کرێکار، ڕۆژانە لە رادیۆو رۆژنامەی بۆپیشەوەدا دەیدا بە گوێی خەڵکی کوردستاندا. ئەم 7 ساڵەی بەرۆشنی ئەوەی دەرخست کە ئەم هێزە وەك هێزیکی چینایەتی بورژوزای کوردی ناتوانێت لە دەسەلاتدا بمێنێتەوە بەبێ سەرکوت‌و میلیشیاو جیهازی ئەمنی نهێنی، وە ناتوانێت دەسەلاتی خۆی بپارێزێت، بەبێ گەندەڵی‌و سات‌و سەودا بەچارەنوسی خەلکی کوردستانەوە. ئەم 7 ساڵە ئەو راستییەی نیشان دا کە هێرش بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هێرش بوو بۆ سەر ئاوات‌و ئامانج‌و داوکارییە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان. ئێستا بۆ هەموو کەس ڕۆشنە کە پەلاماری یەکێتی بۆ سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پەلاماریٚ هێزیکٚی بورژوزای کۆنەپەرست بوو بۆ سەر چینی کرێکارو گشت هیواو ئامانجە ئازادیخوازو یەکسانخوازەکەی.

دەساڵ تێدەپەڕی بەسەر یادی هێرشی سەرکوتگەرانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، بەلام ئەوان گەندەلترو ریسواتر هاتونەتە دەرەوە. نەك لای ئێمە بەلکو ئەمجارە لە لای گشت خەلکی کوردستان. نەك هەر خەلکی کوردستان بەلکو لەلایەن نیوەی کادرانو رابەرانی خۆشیانەوە، کە ئەوکات لە نێو ڕیزەکانی یەکێتی‌دا بوون دەروی سەرکیان هەبوو لەم کارە چەپەڵ‌و کۆنەپەرستانەیەدا. ئەمرۆ بۆهەر کەسێکی خەلکی شاری سلێمانی، هەڵەبجە، کەلارو ڕانیە رۆشنە کە یەکێتی هیزیکی سەرکوتگەرەو دورە لەخواست‌و ویستی خەلکی کوردستانەوە. پاش 10 ساڵ ئەمە واقعیەتێکە بە شێوەیەکی بابەتی بۆتە دەرس‌و تەجروبەی خەڵکی کوردستان لەبەرانبەر یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا. بەرزو بەرێز بیت یادی 5 هاوڕێ‌و خۆشەویست ئازادیخوازی کۆمۆنیست کە لەپێناو سەربەزی‌و خۆشگوزەرانی‌و ئازادی ویەکسانیخوازی خەلکی کوردستاندا گیانی خۆیان بەختکرد. شەمەزرای بۆ یەکێتی‌و سەرکردایەیتییەکەی. 8.7.2010